عێراقچی بۆ سەرکایەتی شاندێکی دیپلۆماسی بەرەو مۆسکۆ بەڕێکەوت بۆ دانوستان لەگەڵ واشنتۆن



وەفدی ئێران بۆ سەرکایەتی عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بەرەو مۆسکۆ پایتەختی عومان بەڕێکەوت. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەڵێت، هیچ دەرەفەتێك بۆ قسەنەوەی دیپلۆماسیەت لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران و پاراستنی ئاشتی و ئارامی ناوچەکە لەدەست نادەین.

ئیسماعیل بەقایی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، کەمێك لەمەوبەر لە راگەیەندراوێکدا کە لە تێلی کەمەڵایەتی ئێکس بڵاویکردبۆتەوە، رایگەیاند، عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوە بە سەرکایەتی وەفدێکی دیپلۆماسی ئێران بۆ ئەنجامدانی دانوستانی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا بەرەو مۆسکۆ بەڕێکەوت.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتویەتی، ئەم مامەڵە دیپلۆماسییە بەوپەڕی پێداگرییەوە ئەنجام دەدرێت بە ئامانجی گەیشتن بە لێکتگەیشتنێکی دادپەروەرانە لەبارەی بابەتی ئەتۆمییەوە کە جێی رەزامەندی هەردولا بێت.

ئیسماعیل بەقایی وتوشیەتی، ئەزمونە تالەکانی رابردو لەنوێیاندا بۆ بەڕێنییەکانی پێشو، هەرشی سەربازی سالی رابردو و "دەستوەردانە دەرەکییەکان"ی مانگی پێشو، لەبەر چاوی ئێمەن و هەمیشە خەمان بەو بەرپرسیار دەزانین بۆ داواکردنی مافەکانی گەلی ئێران.

ئەوەشی خستەڕوو، لەو هەمان کاتدا بەرپرسیارین لەوەی کە هیچ دەرفەتێك لەدەست نەدەین بۆ قۆستنەوەی دیپلۆماسییەت لەپێناو دابنیکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێران و پاراستنی ئاشتی و ئارامی لەو ناوچەکە.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران هەمای بۆ ئەوەش کردوە، سوپاسی هەمو وڵاتانێ دڵسۆز و دراوسێ و ناوچەکە دەکەین کە بەرپرسیارانە و خەمخۆرانە ڕێی خێیان لەو داشتنی ئەم پرسەیەدا بینی و هیوادارین لایەنی ئەمریکیش بەرپرسیارانە و واقیعبینانەو بەجدی لەم پرسەیەدا بەشداری بکات.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە پێشتر میدیاکان باویان کردەوە کە جارید کشنەر، زاوای دۆناڵد تەرەمپ و ستیڤ ویتکۆف، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا، گەیشتنە دەوحەی پایتەختی قەتەر.

بڕیارە سەعات 10ی سەرلەبەیانی سبەی هەینی، دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لەو مەسقەتی پایتەختی عومان دەستپێبکەن.